# دوعاکان قوربانیی بوونی ژینگەیەکی کۆنەپەرست و نامرۆڤانەن

شاخەوان شۆڕش

06.05.2007

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا گۆتن لەسەر زۆر چەمک دەکرێن و بانگاشەی بوون و بەهاداری و گەشەکردنیان دەکرێت، بەڵام لە بنچینەدا ئەو چەمکانە یا هەر لەبنی بوونیان نییە، یا لاوازن و بە کانونی نوسراوە و نەنوسراوە سنوردار کراون، هەروەها بە کۆتوکەلەپچەکانی دەسەڵاتداران، مەلا و شێخەکان، ئاغا و کێخواکان، کەسایەتیە مەشەخۆرەکان هتد. بەستراونەتەوە و دەورەدراون. جگەلەوەی لێکدانەوەی نەشاز، چەوت و پەرتوبڵاو بۆ هەموو چەمکەکانی وەکو کۆمەڵگەی سڤیل، دیموکراسی، ئازادی، یەکسانی، ماف و ئەرک، کانون و هی دیکە بەگشتی دەکەونە بەرچاو. لەوەش زیاتر تاوانبارکردنی هەندێ جۆر ئایدۆلۆژیا و هەوڵدان بۆ بەستانەوەی دیاردە نەرێنیەکان بە ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بەبێ ڕوونکردنەوە و بەڵگەی بڕواپێهێنەر و سەلمێندراو، مرۆ بۆ ئاقارێکی ناگونجاو دەبەن.

لەو کۆمەڵگەیەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا لە ژێر سایەی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە بەڕێوە دەچێت، لەو کۆمەڵگەیەدا کانون و ڕێسا کۆنەپەرستە کۆمەڵایەتیەکان، بەتایبەتی ئەوانەی چ لە ئایینەوە یا خێڵەکیزمەوە سەرچاوە دەگرن، گرنگیەکی زۆریان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە هەیە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یان شاراوە و ناشاراوە پارێزگاری دەکرێن، بڵاودەکرێنەوە، بانگاشەی ڕەوایەتی، ڕاست و دروستیان بۆ دەکرێت.
دیارە دەسەڵاتداران هەمیشە بانگاشەی بوونی چەمکە مۆدێرنەکان دەکەن و ئاماژەی ملکەچی خۆیان بۆ ئەو چەمکانە دەکەن، ئەوەش تەنها گوتنە و بۆ داپۆشینی کارە نەرێنیەکان بەکاردەهێندرێن. ئەو چەمکانە نەک هەر کاریان پێ ناکرێ، بەڵکو بەکردەوە و بە بەرنامە دژی ئەو چەمکانە کاردەکرێت. چونکە بوونی ئەو دیاردە نەرێنی و کۆنەپەرستانەیەی کۆمەڵگەی کوردی هۆکەی بێدەنگی، پشتگیری ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ و شاراوەی ئەوانە بۆ ئەو دیاردانە. چۆن؟
توێژی دەسەڵاتدار لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکەیدا بانگاشە بۆ پاکی و دروستی و بێهاوتایی لێکدانەوەیەکی 1400 ساڵ کۆن بۆ ژیان و کۆمەڵگە دەکات، دەسەڵات ئەو هزرە تێکەڵی دەستور و دەزگای کانوندانان دەکات، سەرگەورەی ئەو دەسەڵاتە خۆی سەری کانون دەبڕێت، بە نۆرم و ڕێسای خێڵەکیانە چارەسەری پێشێلکاریەکان و تاوانەکانی کۆمەڵگە دەکات، پێش بە جێبەجێکردنی کانون دەگرێت، دەسەڵات سیستەمی دەرەبەگایەتی دەژێنێتەوە و ئاغا و کێخوای نوێ لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات، دەسەڵات ڕۆڵی گرنگ بە مەلا و شیخەکان دەدات، پشتگیری دروستکردنی بەهەزاران مزگەوت دەکات، بواری گوتنەوەی هزری کۆنەپارێزی و تاریکپەرستی لە شوێنە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا دەڕەخسێنێت، هەفتانە لەژێرسایەی ئەواندا لە مزگەوتەکانەوە و لەو کەناڵانەوە هزری تاریکپەرستی، دژەئازادی و دژەکراوەیی بە مرۆڤەکانی کۆمەڵگە دەگەیەندرێن، دەسەڵات کۆمەڵگەی کردۆتە مێرگێکی بەپیتی ئیسلامیزم، کۆنەپەرستی و خێڵەکیزم، دەسەڵات پشتگیری سیستەمی مافیایی دەکات، دەسەڵات سامانی نەتەوە بۆ ئارەزووی کەسیی خۆی دەخاتەگەڕ و کردوویەتیە ڕاگری ئەو پێکهاتە خێڵەکی و کۆنەپەرستیەی خۆی دروستی کردووە. ئەوانە و دیاردەی دیکەش نۆرم و ڕێساکانی ئەو ژینگەیەن کە دەسەڵات پێکیهێناوە. هەموو ئەو دیاردانە هەریەکەی میکانیزمێکی تایبەتە بۆ خنکاندنی ئازادی و کرانەوە خراونەتەگەڕ، جگەلەوەی ئەو پێکهاتەیە خۆی لەخۆیدا دروستکردنی شورایەکی کۆنەپەرستییە بەرامبەر بە کرانەوە و مۆدێرنبوون.
بەرهەمی ئەو پێکهاتەیە و میکانیزمەکانی کە بەڕێوەی دەبەن: نەهێشتنی دادپەروەرییە، نەهێشتنی هەر هەنگاوێکی بەرەو یەکسانی ژن و پیاوە، کردنی ژنە بە کەرستە، داپۆشینی ڕوخساری ژنە، داپۆشینیەتی بە هزری تاریکی دڵپیس و نارسیست و مێبازی پیاو، کردنیەتی بە ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووەکانی پیاو، بزرکردنی سیمبۆل و ئاکاری ژنانەیەتیەتی، بەعارەبکردنی جلوبەرگیەتی، ئیسلامیزەکردنی مەنتالیەتی، زیندانیکردنیەتی لەچواردیواریماڵدا، دوورخستنەوەیەتی لە تاموچێژی سروشتیی ژیان، نامۆکردنیەتی بە دەروشانەوە و بوون، سەندنەوەی توانای بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەتی، کۆیلەکردنیەتی لە لایەن کۆمەڵگە، کۆیلەکردنیەتی لە لایەن پیاودا، سەندنەوەی مافی ژنبوونیەتی، داماڵینی بەهاکانی مرۆڤبوون و نامرۆڤاندنیەتی، دیلکردنی بوونیەتی لە لاشەیەکی لاواز و بۆشدا،

**داماڵینیەتی لە هیوا و دواڕۆژ، ڕەشکردنی ئەگەرەکانی داهاتووە لەبەرچاویدا، هەرکە کۆیلەکانیش لە ئاستی ئارەزووە نەخۆشەکاندا نەبوون هەڵکێشانی گیان (وەکو دوعا) چارەنووسیانە.**